حکومەتی هەرێم کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
کۆلێژی ئاداب
کۆمەڵناسی-ئێواران

# ڕۆڵی نەخۆشخانە تایبەتەکان لە پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان-هەولێر)

پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی (کۆمەڵناسی) کراوە، وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی
بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی کۆمەڵناسی

ئامادەکراوە لەلایەن

سۆما هیوا عەلی

**بەسەرپەرشتی**

**م. کامران جوهر عبدالله**

2023-2024

# پێشکەشە

## بە دایک و باوکی خۆشەویستم

# سوپاس و پێزانین

-سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە کە دەرفەتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەی بۆ ئاسان کردم.

-سوپاس پێزانینی تایبەت بۆ خێزانەکەم کە لە هەموو بارودۆخێک دا هاوکار و پاڵپشتم بوون، بەتایبەتی باوکی ئازیزم (د. هیوا علی).

-سوپاس و پێزانینی تایبەت بۆ بەڕێز ( م. کامران جوهر عبدالله) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم توێژینەوەی لە ئەستۆ گرت و هاوکارم بوو.

-سوپاس پێزانین بۆ گشت مامۆستا و هاوڕێ بەڕێزەکانم، کە بە سوودمەند بووم لە تێبینییەکانیان.

| ژ | ناوەڕۆک | لاپەر |
|---|---|---|
| ١ | -پوختەی توێژینەوە | ٥ |
| ٢ | -پێشەکی | ٦ |
| ٣ | -تەوەرەی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە | ٧ |
| ٤ | -بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان | ٨ |
| ٥ | -باسی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوە | ٨ |
| ٦ | ١-گرفتی توێژینەوە | ٨ |
| ٧ | ٢-گرنگیەکانی توێژینەوە | ٨ |
| ٨ | ٣-ئامانجەکانی توێژینەوە | ٩ |
| ٩ | -باسی دووەم/ دیاریکردنی چەمکەکان | ٩ |
| ١٠ | ١-ڕۆڵ | ٩ |
| ١١ | ٢-نەخۆشخانە تایبەتەکان | ١٠ |
| ١٢ | ٣-پەرەپێدان | ١٠ |
| ١٣ | ٤-کەرتی تەندروستی | ١١ |
| ١٤ | -بەشی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوتر و تاوتوێ کردنیان | ١٢ |
| ١٥ | -باسی یەکەم/ توێژنەوەکانی پێشوتر | ١٢-١٤ |
| ١٦ | -باسی دووەم/ تاوتوێ کردنی توێژینەوەکانی پێشوتر | ١٥ |
| ١٧ | بەشی سێیەم: کەرتی تەندروستی نەخۆشخانە تایبەتەکان | ١٦ |
| ١٨ | باسی یەکەم: جۆر و ئەرکی نەخۆشخانەکان | ١٧ |
| ١٩ | ١. جۆری نەخۆشخانەکان | ١٧ |
| ٢٠ | ٢. ئەرکی نەخۆشخانەکان | ١٨-٢٠ |
| ٢١ | باسی دووەم: پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی | ٢١ |
| ٢٢ | ١. کەرتی تەندروستی | ٢١ |
| | ٢.پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی | ٢٢ |
| ٢٣ | -بەشی چوارەم: کار ڕاییە مەیدانیەکانی توێژینەوە | ٢٤ |
| ٢٤ | -باسی یەکەم/ میتۆدی توێژینەوەکە و بوارەکانی | ٢٥-٢٦ |
| ٢٥ | -باسی دووەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کەرستە ئامارییە بەکارهاتووەکان | ٢٧-٢٨ |
| ٢٦ | -بەشی پێنجەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان | ٢٩-٤١ |
| ٢٧ | -بەشی شەشەم: دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاستپاردەکانی توێژینەوە. | ٤٢ |
| ٢٨ | -لیسی سەرچاوەکان | ٤٣-٤٥ |
| ٢٩ | -پاشکۆکان | ٤٦-٤٩ |
| | | |

# پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت پەرەسەندنی کەرتی تەندروستی تایبەت لە دۆخی هەرێمی کوردستاندا هەڵبسەنگێنن بەوەی کە لە چ هەلو ومەرجێکدا کەرتی تەندروستی تایبەت دەرکەووتوە وە چ ڕۆڵێکیان هەیە لە پەرەپێدانی ئەو کەرتە و تەوەرە سەرەکیەکانی کێشەی ئەم توێژینەوەیە پێک دێنێت. گرفتی ئەم توێژینەوەیە ئایا نەخۆشخانە تایبەتەکان ڕۆڵیان هەیە لە پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی, ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی ڕۆڵی نەخۆشخانە تایبەتەکان لە پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی، میتۆدی ئەم توێژینەویە بریتییە لە میتۆدی ڕووپێوی ، گرنگترین دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی ڕازیین لە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان.

چەمکە سەرەکییەکان :ڕۆڵ ، نەخۆشخانە تایبەتەکان ، پەرەپێدان ، کەرتی تەندروستی.

# پێشەکی

نەخۆشخانە تایبەتەکان یەکێکە لە کەرتە گرنگەکانی تەندروستی چونکە بە بەردەوامی لە خزمەت نەخۆشەکان دایە، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرەوپێشبردنی کەرتی تەندروستی، چونکە لە ئێستایا تا دێت ڕێژەی نەخۆشخانە تایبەتەکان زیاد دەکات بە بەروارد بە نەخۆشخانە حکومییەکان. نەخۆشخانە تایبەتەکان بە باشترین شێوە هەوڵی چارەسەرکردنی نەخۆشەکان دەدەن بە بێ کەم وکوڕی، لە بەرامبەردا قازانجێکی باشی ماددیان هەیە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەر پێک دێت، تەوەری یەکەم لایەنی تیۆریە کە لە سێ بەش پێک دێت، بەشی یەکەم لە دوو باس خۆی دەبینێتەوە، باسی یەکەم گرفت و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکەیە، باسی دووەم پێناسەکردنی چەمکەکان. بەشی دووەمیش بریتیە دوو باس لەخۆ دەگرێت، باسی یەکەم توێژینەوەکانی پێشوو، باسی دووەم تاوتوێ کردنی توێژینەوەکانی پێشوو. بەشی سێیەم باس لە نەخۆشخانە تایبەتەکان لە کەرتی تەندروستی دەکات .لە تەوەرەی دووەم و لایەنی مەیدانی کە دەکاتە بەشی چوارەم کارڕاییە مەیدانیەکانی توێژینەوە، کە دوو باس لە خۆ دەگرێت، باسی یەکەم میتۆدی توێژینەوەکە و بوارەکانی، باسی دووەم ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کەرستە ئامارییە بەکارهاتووەکان. بەشی پێنجەم خستنەڕو و شیکردنەوەی زانیارییەکان ، بەشی شەشەم دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە و پاشکۆ کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

## تەوەرەی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە

### بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان

#### باسی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوە

١-گرفتی توێژینەوە

٢-گرنگیەکانی توێژینەوە

٣-ئامانجەکانی توێژینەوە

#### باسی دووەم/ دیاریکردنی چەمکەکان

١-ڕۆڵ

٢-نەخۆشخانە تایبەتەکان

٣- پەرەپێدان

٤-کەرتی تەندروستی

### بەشی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو و تاوتوێکردنیان

#### باسی یەکەم: جۆر و ئەرکی نەخۆشخانەکان

١. جۆری نەخۆشخانەکان

٢. ئەرکی نەخۆشخانەکان

#### باسی دووەم: پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی

١. کەرتی تەندروستی

٢. پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان

## باسی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### ١. گرفتی توێژینەوە

لە هەر وڵاتێکدا کاتێک حکومەت ناتوانێت خزمەتگوازری گشتی پێشکەش بکات بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە سەرمایەدارەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵدەستن بە پێشەشکردنی خزمەتگوازرییە تەندروستیەکان بەڵام لە هەرێمی کوردستان کە خاوەن داهاتێکی زۆرن سەرمایەدارەکان لەگەڵ ئەوەشدا کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان لەبەردەم چەندین کێشەی جدیدایە لە بەرامبەردا لەماوەی چەند ساڵی ڕابرووردا کەرتی تەندروستی تایبەت گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت پەرەسەندنی کەرتی تەندروستی تایبەت لە دۆخی هەرێمی کوردستاندا هەڵبسەنگێنن بەوەی کە لە چ هەلو ومەرجێکدا کەرتی تەندروستی تایبەت دەرکەووتوە وە چ ڕۆڵێکیان هەیە لە پەرەپێدانی ئەو کەرتە و تەوەرە سەرەکیەکانی کێشەی ئەم توێژینەوەیە پێک دێنێت. گرفتی ئەم توێژینەوەیە ئایا نەخۆشخانە تایبەتەکان ڕۆڵیان هەیە لە پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی؟

### ٢. گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە دو ڕووەوە گرنگە: ١-لەڕووی تیۆریی و ئەکادیمی؛ ٢-لەڕووی پراکتیکی و کۆمەڵگەوە.

١-گرنگی تیۆری: ئەم توێژینەوەیە بەشداری دەکات لە دەوڵەمەندکردنی لایەنی ئەکادیمی و دیارخستنی ئەو توێژینەوانەی کە لەڕووی تیۆورییەوە بەکار هاتوون و سوودیان لێ وەرگیراوە لەو توێژینەوەیەدا.

٢- لەڕووی پراکتیکی: لەڕێگەی ئەو ئەنجامانەی لە لایەنی مەیدانییەوە دەستمان دەکەوێت، بەرچاو ڕۆشنی دروست دەداتە لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک حکومەت وەک چاودێری و پەرلەمان وەک داڕێژەری سیاسەتی تەندروستی.

## ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی نەخۆشخانە تایبەتەکان لە پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی، لەڕوانگەی ئەم ئامانجە سەرەکییەوە دەمانەوێت بەم ئامانجە لاوەکییانەی خوارەوە بگەین:

١-زانینی ئاستی ڕەزامەندی خەڵک لە خزمەتگوزارییە گشتیەکان.

٢-زانینی ئاستی ڕەزامەندی خەڵک لە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان.

٣-زانینی ئاستی ڕەزامەندی خەڵک لە تێچووی نەخۆشخانە تایبەتەکان.

## پێناسەی چەمکەکان:

### ١- ڕۆڵ:

ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەو ڕەفتارە تایبەتانەن کە تاک لە چوارچێوەی پێگەیەکی دیاریکراودا نیشانی دەدات، بۆ نموونە کەسێک کە پێگەی دایک و باوکی هەبێت، دەبێت لە هەندێک کاتدا ڕۆڵی چاودێرێکی نەرم و نیان و هەروەها لە ساتەکانی دیکەدا ڕۆڵی وانە بەخشێکی توند بەجێبهێنێت (Valenzuela,2022). لە پێناسەیکی تردا دەووترێت کە ڕۆڵ/ بەو ڕەفتارە دەگوترێت کە کەسانی دیکە چاوەڕوانی دەکەن لە پێگەیەکی دیاریکراو ئەنجامی بدات. ڕۆڵە گونجاوەکان وەکو بەشێک لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون، فێری تاکەکەس دەکرێت و دواتر دەبێتە بەشێک لەو (کوهین،٢٠١٠: ٥٧).

لێرەدا ئەوەی گرنگە بۆ ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵی کەرتی تایبەتە کە بە ڕەخساندنی هەلی کار و دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری و هاندانی گەشەی ئابووری ڕۆڵێکی گرنگ دەگەڕێت لە ئابووریدا. سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی باجە بۆ بازرگانەکان باج دەدەن بۆ یارمەتیدانی دابینکردنی بودجەی خزمەتگوزارییە گشتیەکان و ڕێگەدان بە حکومەتەکان بۆ وەبەرهێنان لە ژێرخان و پرۆژە گرنکەکانی تردا (Lutkevich & Wigmore, 2023, p2).

لێرەدا مەبەستمان لە رۆڵ، ڕۆڵی دامەزراوەکانە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوازارییە تەندروستییەکان لەلایەن نەخۆشخانە تایبەتەکان.

### ٢-نەخۆشخانە تایبەتەکان:

نەخۆشخانەی تایبەت هەندێک جار وەک کارەکتەرێکی ناحکومی تەماشا دەکرێت کە پێکدێت لەو بکەرانەی کە دەکەونە دەرەوەی حکومەت؛ پێکدێت لە هەردوو دابینکەری فەرمی و نافەرمی لە دوکانی دەرمانەوە تا نەخۆشخانە تایبەتەکان کە لە هەردوو دامەزراوەی قازانج خواز و قازانج نەویست پێکدێت، چ ناوخۆیی چ بیانی (Klinton, 2020).

نەخۆشخانە تایبەتەکان/ ئەو لایەن و ڕێکخراوانەن کە خاوەنداریێتی تایبەت دەگرێتەوە و ناڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و بەشدارن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزرییە تەندروستیەکان، دەتوانرێت پۆلێن بکرێت بۆ ژێرپۆلەکانی قازانج و قازانج نەویست، فەرمی و نافەرمی، ناوخۆیی و نێودەوڵەتی (هەمان سەرچاوە).

نەخۆشخانە تایبەتەکان: کەرتی چاودێری تەندروستی تایبەت لە نەخۆشخانە  و کلینیکەکان پێک هاتووە کە سەربەخۆ لە خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی بەڕێوەدەبرێن، بەشێوەیەکی ئاسایی لەلایەن کۆمپانیایەکی بازرگانییەوە بەڕێوەدەبرێن، هەرچەندە ڕەنگە هەندێکیان لەلایەن ڕێکخراوە قازانج نەویستەکانی دیکەوە بەڕێوە ببرێن (Freedom Health, 2023).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە نەخۆشخانە تایبەتەکان، ئەو نەخۆشخانانەن کە دەکەونە چوارچێوەی کەرتی وەبەرهێنان لەبواری تەندروستی لە شاری هەولێر.

### ٣- پەرەپێدان:

باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی بەشێوەیەکی یەکسان، ناساندنی تەکنەلۆژیای نوێ تەندروستی گونجاو کە کوالێتی خزمەتگوزارییەکان باشتر دەکات و پێداویستیە گەشەسەندووەکان ئەولەویەت دابین دەکات (The World bank, 2013) .

لەلایەکی تر، پەرەپێدان واتە بەدەستهێنانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی گۆڕانکاری دروستکردن لە هەلومەرجەکانی ژیان، پەرەپێدان دوو ڕەهەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە لەڕووی ئابوورییەوە پێداویستیە سەرەکییەکان وەکو خۆراکی گونجاو و سەلامەتی و تەندروستی شوێنی حەوانەوە وەکو مەرجی پێویست بۆ پەرەپێدان دەناسرێت، بەڵام بۆ پەرەپێدان تەنها ڕەهەندی ئابووری بەس نییە بەڵکو ڕەهەندەکانی تری ژیان کە بریتین لە بەردەست بوونی خوێندن بۆ هەمووان ئازادییە مەدەنییەکان و بەژداری سیاسی دەگرێتەوە (اوتویت و باتامور، ١٣٩٢، لا: ٢٨٧).

پەرەپێدان لەڕووی تەندروستییەوە، زانستی بەکارهێنانی باشترین بەڵگەی توێژینەوەی بەردەستە یان بۆ چاودێری نەخۆش یان بۆ پەروەردە بۆ یارمەتیدانی چارەسەرکردنی کێشە تەندروستیەکانی ئێستا و دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی سەرکەوتوانەی چاودێری تەندروستی لە داهاتوودا (Tejapngvorachai, 2020).

مەبەست لەپەرپێدانی کەرتی تەندروستی ئەو لایانانە دەگرێتەوە کە زیاتر پەیوەستن بە کواڵتی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی.

## ٤- کەرتی تەندروستی:

ئەو کەرتەیە کە لەلایەن حکومەتەوە پاڵپشتی دارایی دەکرێت لە ڕووی کەرستە و پێداویستیەکانی مووچە و سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستنەوە کە بەشێوەیەکی ئاسایی لە ڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان سنووردارە (Macarthur, 2023). بەواتایەکی تر،
کەرتی تەندروستی نەخۆشخانەکان، شوێنی حەوانەوە، خانەی بەساڵاچووان و چاودێری پزیشکی و ددانەکان، گواستنەوەی ئەمبولانس، پزیشکی تەواوکەر و چالاکییە تەندروستیەکانی دیکە، وەک تاقیگەی پزیشکی وخزمەتگوزارییە زانستی و توێژینەوەکان، لە سەرانسەری ڕێکخراوە جیاوازەکاندا لەناو کەرتە گشتی و تایبەت و خۆبەخشەکاندا لەخۆدەگرێت (Klinton, 2020).
ئامانجی سیاسەتی کەرتی تەندروستی لەو ڕووەوە گرنگە کە پەیوەندی بە کەمکردنەوەی نایەکسانی تەندروستی نادادپەروەرانە هەیە، هەروەها لەباشترکردنی بارودۆخی نایەکسانی تەندروستی و بە تایبەتی لە بڕیاردانی تەندروستی گشتیدا لەبەرچاو دەگرێت (Asaria, et. al, 2014: 22).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە کەرتی تەندروستی بریتییە لە کەرتی خزمەتگوازری تەندروستی کە گرنگی بە سەلامەتی ژینگە و ژیان دەدات و کاری پەرەپێدان ئەنجام دەدات لەو بوارانەدا.

# بەشی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو و تاوتوێکردنیان

## بەشی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

یەکەم / توێژەنەوەی زارعی و ئەوانی تر(٢٠١٨) بە ناونیشانی ئالنگاری و کێشەی پڕۆژەکانی بەژداری کەرتی تایبەت و کەرتی حکومی لە سیستەمی تەندروستیدا: توێژینەوەیەکی پێداچوونەوە(review):

پێشینە و ئامانج: مۆدێلی بەژداری کەرتی تایبەت و کەرتی حکومەت[1] لەم دواییانەدا وەک ڕێبازێک بۆ باشترکردنی کارایی کارکرد و چارەسەرکردنی کەمورییەکانی تەندروستی دەرمانی و دەوڵەتان لە پانتایە جۆراوجۆرەکان ناسێندراوە. ژمارەی ئەو توێژینەوەیانەی کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و ڕوونکردنەوە لەسەر ئەم مۆدێلە چڕکراونەتەوە، زۆر کەمە. جگە لەوەش، نەبوونی ڕێکخستنی توێژینەوە و یەکگرتوویی پێکهاتەیی بۆ دەرهێنانی دەرئەنجامە پراکتیکییەکان هێشتا لەم بوارەدا بوونی نییە. ئەم لێکۆڵینەوەی پێداچوونەوەی بە توێژینەوەکانی پێشوو بە ئامانجی پۆلێن کردن و کۆبەندی پرسەکانی تایبەت بە جۆری مۆدێلەکانی هاوبەشی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی لە بواری تەندروستیدا دەکات.

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە: ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی پێداچوونەوە داڕێژراوە گەڕان لە پێگەکانی داتا و زانیاری(PubMed، Google Scholar، SID.ir، Scopus)، بە سوود وەرگرتن لە لەگەڵ هەموو تێکەڵکردنەکانی دوو گروپی خوارەوە سنووردارکردنی گەڕان لەو پێگانە( ٢٠١٠ تا ٢٠١٧) ئەنجام دراوە: گروپی یەکەم بریتییە لە هاوبەشی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی(PPP)،هاوکاری کەرت تایبەت و کەرتی گشتی(PPC)، تایبەتکردن،دەستپێشخەرییە دارایەکانی کەرتی تایبەت و کورت کراوەکانیان. گروپی دووەم بریتی بوون لە تەندروستی، و نەخۆشخانە. دوای هەڵسەنگاندنی هەنگاو بە هەنگاو و لەبێژینگ دانیان، لە کۆی ١٤٥ توێژینەوەی هەڵسەنگێندراو لە پلەی یەکەمدا، لە کۆتاییدا ٢٣ توێژینەوە هەڵبژێردران بۆ دەرهێنانی زانیاری. دوای خوێندنەوەی دەقی تەواوی بابەتەکانی وەرگیراو، هەموو ئەو زانیاریانەی باسکراون سەبارەت بە کێشە و ئالنگارییەکانی (PPP) دەرهێنران. پاشان، ئەنجامە داڕێژراوەکان بۆ هەر توێژینەوەیەک هەڵسەنگێنران و بەراورد کران لەگەڵ یەکتر، وەک ژێر گروپی سەرەکی ڕێکخران. دواتر فراوانی دووبارەکردنەوە و جەختکردنەوە لە هەر ژێر گروپێک بۆ هەموو ئەو ٢٣

[1]. Public- private-partnership(ppp)

توێژینەوەکە حیسابی بۆ کرا. لە کۆتاییدا، پێداچوونەوەی وەسفکردن وەرگیرا و بۆ هەر گروپێکی لاوەکی بە بەکارهێنانی بابەتەکانی پەیوەندیدار تۆمارکرا.

ئەنجامەکان: شیکاری و هەڵسەنگاندنی ئەو توێژینەوەیانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتوون ئاماژەی بە چەندین پرسی جیاواز کردووە کە لە ١٢ ژێر گروپی سەرەکیدا پۆلێنکراون و باسکراون بە پشتبەستن بە یەکگرتوویی چەمکییان ئاڵۆزیی، هەڵسەنگاندنی کوالیتی نزم، و چاودێریکردن، نەبوونی شەفافیەت، هەماهەنگییەکی ناتەواو، پشتگوێخستن دادپەروەری و بەرژەوەندی گشتی، نەبوونی نەرمی، نەبوونی ئەزموون و زانیاری پراکتیکی، کەمی سەرچاوەی دارایی، نەبوونی هەڵسەنگاندنی مەترسی گونجاو، هاوکاری ناتەواوی لایەنە پەیوەندیدارەکان، سنووردارکردنی هەڵبژاردنی هاوبەشەکان، و گرنگینەدانی تەواو بە ستافەکە.

دەرەنجام: گرنگترین کێشە و ئالنگارییەکان کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی PPPی تەندروستی دەبنەوە، ئاڵۆزی ، هەڵسەنگاندن و چاودێری کوالیتی نزم، نەبوونی شەفافیەت و هەماهەنگییەکی ناتەواو هەڵسەنگێندرا. هەموو بڕگەکان ئاماژە بە پێویستی بەرزکردنەوەی تواناکانی هەردوو لایەنی ڕێککەوتنەکە دەکەن سەبارەت بە سروشت و پێکهاتە و ئاڵۆزی ئەم جۆرە هاوکارییانە و جەخت لە شەفاشکردنی تەواو و ورد بۆ هەردوو لاو خەڵک و خاوەن بەرژەوەندییەکان تر دەکات.

دووەم/ توێژینەوەی معتمیدی و ئەوانی تر١٣٩٩(٢٠٢٠)، بە ناونیشانی ستراتیژیەکانی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بە ئاڕاستەی سیاسەتە گشتییەکانی سیستەمی تەندروستی

ئەو توێژینەوەیە بە چاوخشاندن بە توێژینەوەکانی تایبەت بە هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە پانتایی تەندروستی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەداتە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات بەم مانایە، جگە لە پێداچوونەوە بە بنەما تیۆریەکان و بەڵگەنامە ناوخۆییەکان، وشەی سەرەکی لەگەڵ بابەتەکانی هاوبەشی گشتی و تایبەت، وڵاتانی تازەپێگەیشتو، بواری تەندروستی، پاڵنەرەکان، ئەنجامدان، هۆکارەکانی سەرکەوتن و ئاستەنگەکان، سوود و تەحەددیاتەکان بە ڕێگەی ئۆپەراتۆرە لۆژیکیەکان پێکهاتە و گەڕان و بابەتەکان پێداچوونەوەیەکی ڕەسەنی پەیوەست بە باسەکە لە گۆڤار و نووسەرانی بەناوبانگ و بەباشی ئاماژەپێکراوەوە وەرگیرا و شیکرایەوە و لە کۆتاییدا، دەرەنجامە چۆنایەتییەکانی لانیکەم ٤٥ وتار کە پەیوەندییان بە ئامانجی ئەم بابەتە هەیە، بڕیاردرا تاوتوێ بکرێن و شیکارییان بۆ بکرێت و لەم بەڵگەنامەیەدا ڕوون کراوەتەوە. بەپێچەوانەی پێداچوونەوەی سیستماتیک، دەرئەنجامی ئەم بابەتانە زۆرتر

چۆنایەتین و پێکهاتەکەیان پێشەکی و باس و ئەنجام لەخۆدەگرێت. وە لە کۆتاییدا چوارچێوەیەکی گەشەسەندوو بۆ هاوبەشیەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە بواری تەندروستیدا پێشنیار دەکاو لەمۆدێلێکی چوار بەشیدا پێشنیار دەکا کە لە چوار هەنگاوی یەک بە دوای یەک دێت:

هەنگاوی یەکەم/ بریتیە لە دەست نیشانکردنی پاڵنەرەکان و هۆکارەکان لە گرتنەبەری ستراتیژی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە پانتایی تەندروستی.

هەنگاوی دووەم/ دابینکردنی پێداویستەکان و مسۆگەرکردنی هۆکارەکانی سەرکەوتنی هاوبەشی کەرتی تەندروستی و کەرتی تایبەت لە بواری تەندروستی.

هەنگاوی سێیەم/ توێژینەوە لە دەرئەنجامە کورت خایەن و درێژ خایەنەکانی ئەو هاوبەشییە.

هەنگاوی چوارەم/ سوود وەرگرتن لە دەرئەنجامەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە بواری تەندروستی وەک فیدباکێک بۆ هەنگاوی یەکەم.

توێژینەوەی سێیەم: توێژینەوەی رحومە و واسع (٢٠١٩)، ( دور القطاع الخاص في تحسين الخدمة الصحية في الجزائر: دراسي حالة مصحة ابن حيان بولاية الوادي ٢٠٠٧-٢٠١٨) ( ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە باشترکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە وڵاتی جەزائیر: توێژینەوەیەکی کەیسە لە نەخۆشخانەی ابن حيان لە شاری الوادی٢٠٠٧-٢٠١٨)

ئەم پشت بە دوو گریمانە دەبەستێت کە بریتین لە:

گریمانەی یەکەم/ پەیوەندی هەیە لەنێوان وەبەرهێنانی کەرتی تەندروستی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی، بە زیادبوونی وەبەرهێنان لە بواری تەندروستی لە بینایە ودامەزراوەکان وبواری مرۆیی ئەوا ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستیەکان زیاد دەکات.

گریمانەی دووەم/ پەیوەندییەکی پێچەوانە لەنێوان بارگرنی باج و (زەریبە) کارایی کەرتی تەندروستی تایبەت هەیە، تا بارگرانی باج سەندن زیاد ببێت کارایی کەرتی تایبەت لە بەرەو پێش بردنی خزمەتگوزاری تەندروستی دادەبەزێت.

لە دەرئەنجامدا بەڵگەکان ڕاستی و دروستی گریمانەکانی توێژینەوە دەسەلمێنن کە لە گریمانەی یەکەمدا دەرکەوت کە زۆربوونی وەبەرهێنان و گۆڕانکاری لە وەبەرهێنانی نەریتی لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و هتد، بۆتە هۆی دەرکەوتنی وەبەرهێنانێکی نوێ و زیندوو کە ئەویش وەبەرهێنانە لەبواری تەندروستی بە جۆرێک کەرتی تەندروستی بەپێی پێوەرە جیهانییەکان بەرەو پێشەوە دەبات وە  سەرکەوتنی ئەو جۆرە وەبەرهێنانە لەڕووی ئاسانکارییەکانی تایبەت بە کەرتی

تەندروستی تایبەت لە وڵاتی جەزائیر دەردەخات و هاوبەشی لەنێوان کەرتەکان بەهێز دەکات کە ئەمەش پێویستە لە پێناو بەردەوامی سیستەمی تەندروستی، بەجۆرێک وەبەرهێنان لەبواری تەندروستی بەشداری دەکات لە سووک کردنی بارگرانی لەسەرکەرتی گشتی وە ئەمەش لێهاتووی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی زیاد دەکات.

بەڵام سەبارەت بە گریمانەی دووەم کە پەیوەستە بە پەیوەندی پێچەوانە لەنێوان بارگرانی باج و کارایی کەرتی تایبەت، دەرکەوت زیاد کردنی باج بەشێوەیەکی خراپ کاریگەری لەسەر کەرتی تایبەت دادەنێت لە جەزائیر، چونکە بەزیاد کردنی باج نرخەکان بەرز دەبنەوە بەمەش خاوەن دەزگا تەندروستییەکان لە کەرتی تایبەت بەدوای بەدیلێکدا دەگەڕێن بۆ کەمکردنەوەی تێچووی خزمەتگوزارییەاکن بەجۆرێک کاریگەری لەسەر چۆنایەتی یان کوالیتی خزمەتگوزارە تەندروستییەکان دادەنێت.

## باسی دووەم/ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر

بە گشتی ئەم توێژینەوانە باس لە پەیوەندییەکانی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت دەکەن سەبارەت بە تەندروستی وە باشترین شێواز کامەیە. لە هەرێمی کوردستان پێدەچێت کەرتی تایبەت وەک کەرتێکی سەربەخۆ دابڕاو لە پلانەکانی کەرتی تەندروستی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بووە لەژێر چاودێرییەکی زۆر کەمی وەزارەتی تەندروستی هاتبێتە دی. وەک دیارە گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە کەباس لە ڕۆڵی کەرتی تایبەت دەکات لە پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی کە ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە دەیەوێت لەم پەیوەندییە بکۆڵێتەوە.

## بەشی سێیەم: کەرتی تەندروستی نەخۆشخانە تایبەتەکان

### باسی یەکەم: جۆر و ئەرکی نەخۆشخانەکان

١. جۆری نەخۆشخانەکان

٢. ئەرکی نەخۆشخانەکان

### باسی دووەم: پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی

١. کەرتی تەندروستی

٢. پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی

# باسی یەکەم: جۆر و ئەرکی نەخۆشخانەکان

## ١. جۆری نەخۆشخانەکان

بۆ زانینی جۆری نەخۆشخانەکان، پیویستە نەخۆشخانەکان پۆلێن بکەین، بەو شێوەیەی خوارەوە:

١- لە ڕووی خاوەنداریەتی و سەرپەرشتی کردنەوە.

٢- لە ڕووی قازانجەوە.

٣- لە ڕووی کارگێڕی و بەڕێوبردنەوە.

٤- لە ڕووی ماوەی مانەوە یاخود هێشتنەوەی نەخۆش.

٥- جۆری خزمەتگوزاری.

٦- لە ڕووی شوێن و فراوانی ژمارەی قەرەویڵەکان.

٧- لە ڕووی ڕەگەزەوە.

٨- لە ڕووی جۆری فێرکاریەوە.

یەکەم: لە ڕووی جۆری خاوەنداریەتی و سەرپەرشتیەوە دەکرێت نەخۆشخانەکان بکرێنە دوو جۆری سەرەکی:

١- نەخۆشخانە حکومیەکان

ئەو جۆرە نەخۆشخانانەن کە لایەنی فەرمی واتە حکومەت خاوەنداریەتی دەکات و کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات و بەرژەوەندیەکانی دەپارێزێت ئەم جۆرە نەخۆشخانانە لە جۆری ئەو نەخۆشخانە فراوانەن لە جیهاندا بەتایبەتی دەوڵەتە سۆسیالیستەکان ئەو جۆرە نەخۆشخانانە باویان هەیە کە ئەرکی دەوڵەتە خزمەتگوزاری بەخۆڕایی پیشکەش بە هاوڵاتیان بکات

٢- نەخۆشخانە تایبەتەکان (ئەهلیەکان)

تەواوی ئەو نەخۆشخانانە دەگرێتەوە بێجگە لەوانەی لەژێر چاودێری حکومەتی ناوەندی و خۆجێیدان لە جۆرت نەخۆشخانە تایبەتەکان دەتوانین ئاماژە بە نەخۆشخانە خێرخوازی و ئاینییەکان بکەین وە هەروەها ئەو نەخۆشخانانەی کە ئەو پزیشکانەی لە بەرژەوەندی خۆیان ئیش

دەکەن ئەم جۆرە نەخۆشخانانە بەشێوەیەکی گشتی لە بەرامبەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پارە لە هاولاتیان وەردەگرن بە پێچەوانەی نەخۆشخانە حکومیەکان.

نەخۆشخانە ئەهلیەکان بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکرێن:

یەکەم: نەخۆشخانە ئەهلیە قازانج ویستەکان کە ئەو نەخۆشخانانە دەگرێتەوە هی کۆمپانیا و بازرگانەکانە کە بە مەبەستی دەستکەوتنی قازانج دروست کراون لە ڕێگای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان.

دووەم: نەخۆشخانە ئەهلیە قازانج نەویستەکان هەرچەندە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەو نەخۆشخانانە بە خۆڕایی نییە بەڵام ئەو بارانەی کە لە ئەنجامی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان دەستیان دەکەوێت لە بەرەو پێش بردنی خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشخانە و بەکاربردن بەکاردەهێنرێتەوە، لە نموونەی ئەو نەخۆشخانانە نەخۆشخانە ئاینییەکان، نەخۆشخانە زانکۆیەکان، وە هەروەها ئەو نەخۆشخانانەی تایبەتن بە کۆمپانیاکان. وە هەرورها لە نموونەی نەخۆشخانە قازانج نەویستەکان نەخۆشخانە خێرخوازیەکانن کە دامەزرێنەرانی هیچ ئامانجێکی ماددی یاخود قازانج ناکەنەوە ئەو جۆرە نەخۆشخانانە ئەوەی کە دەستیان دەکەوێت ئەگەر کەمیش بێت لە ساڵێکدا دەخرێتەوە سەر میزانیەی نەخۆشخانە بە ئامانجی پەرەپێدان و بەرەو پێشبردنی نەخۆشخانە بە ئامانجی باشترکردنی جۆری چاودێری خزمەتگوزارییەکان کە پێشکەش بە نەخۆشیەکان دەکرێت.( جلده ٢٠٠٧: ٣٥-٣٧)

## ٢. ئەرکەکانی نەخۆشخانە

ئەرکی نەخۆشخانەکان بەگشتی لە ڕوانگەی کارل ئیفانج بریتییە لە:

١- چارەسەری نەخۆش.

٢- هەستان بە پشکنین و ئەنجامدانی توێژینەوەکانی تایبەت بە نەخۆشیەکان.

٣- فێرکردنی بەشی فێرکاری بۆ قوتابیانی کۆلێژە پزیشکیەکان.

بەڵام لە ڕوانگەی گرانت کۆلین بریتیە لە:

١- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی گونجاو چاودێری نەخۆشیەکان.

٢- فێرکردنی قوتابیانی کۆلێژی پزیشکی و پەیمانگاکانی تەندروستی.

٣- بەژداری کردن لە پڕۆگرامەکانی توێنینەوە لەناو نەخۆشخانە و لە سەرجەم بوارەکانی پەیوەست بە تەندروستی.

٤- پارێزگاری کردن لە تەندروستی گشتی، بەژداری لە دانانی پڕۆگرامەکانی خۆپارێزی لە وڵات.

بەڵام حسان حرستانی پێیوایە هەموو نەخۆشخانەکانی سەردەم لەم چوار خاڵەی خوارەوەدا ئەرک و پڕۆگرامیەکان جێبەجێ دەکەن:

١- هێنانەدی ئاستێکی بەرزە لە باشی چاودێری پزیشکی بۆ نەخۆش و توشبووان.

٢- فێرکردن و ڕاهێنانی کارمەندان لە بوارەکانی پزیشکی و پەرستاری و زانستە پزیشکیە یارمەتیدەرەکان.

٣- پاڵپشتی کردنی توێژینەوە لە بوارەکانی زانستە پزیشکی و ئەو زانستانەی پەیوەندییان بە تەندروستیەوە هەیە.

٤- دابینکردنی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی پێویست بۆ تەندروستی کۆمەڵ. (جلده ٢٠٠٧: ٣١)

بە گشتی چەندین هۆکار بوونەتە مایەی بەرەو پێش چوونی نەخۆشخانەکان لەوانەش نەخۆشخانە تایبەتەکان کە بریتین لەمانەی خوارەوە

١- جەنگەکان و کارەساتە سروشتیەکان کە زۆرترین کاریگەرییان لە پەرەپێدان و بەرەوپێش چوونی نەخۆشخانەکان بەتایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بۆتە هۆی دەرکەوتنی نەخۆشخانەی فریاکەوتن لەبەر پێویستی خێرا لەو جۆرە نەخۆشخانانە، هەروەها وەکو چۆن کارەساتە سروشتیەکانی وەک لافاو بومەلەرزە بۆتە هۆی بەدیهێنانی یاخود پەرەسەندنی نەخۆشخانە گەڕۆکەکان لەو ناوچانە.

٢- ئاینەکان، ئاینەکانی وەک مەسیحیەت و ئیسلام و بوزی ڕۆڵیان هەبوو لە گەشەپێدانی خزمەتگوزاری گشتی و گرنگیدان بە نەخۆشەکان لە نەخۆشخانەکانیان چونکە ئاینەکان بە تێڕوانینی بەزەیی و ڕەحمەت بۆ مرۆڤایەتی ئەو نەخۆشخانانە دادەمەزرێنن وە هەروەها ئەو جۆرە نەخۆشخانانە ڕۆڵیان هەبووە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەوانەی پێویستیانە وە بوونەتە هۆی ئارامکردنەوەی پەک کەوتوان و بێ لانەکان و ڕێبوارەکان.

٣- بەرەو پێش چوونی دەرمانەکان چەندە زانستی پزیشکی بەرەو پێش بچێت ئەوەندەش خزمەتگوزاری پزیشکی بەرەو پێش بچێت ئەوەندەش خزمەتگوزاری نەخۆشخانەکان پەرەدەسەنێت زۆربەی زۆری دۆزینەوەکان لە جیهانی دەرماندا بۆتە هۆی بەرەو پێش چوون و گۆڕانی جۆری چارەسەری وە دواجار پەرەسەندنی نەخۆشخانەکان، وە لە جۆری ئەو دەرمانانە بەرەو پێش چوونی ئەنتی بایۆتیکەکانن.

٤-هۆکارێکی تری پەرەسەندن و بەرەو پێش چوونی نەخۆشخانەکان ڕێژەی نەخۆش و تووشبوانن، جۆری نەخۆشیەکان لە شوێنێکدا دەبێتە هۆی گۆڕان لە ڕێکخستن و جۆری ئەو نەخۆشخانانە وە بەرەو پێش چوونی شێوازەکانی ، بۆ نموونە ژمارەی نەخۆشخانەکانی سیل لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڕوو لە کەمییە لەبەر ئەوەی پشتگیریەکانی ئەو نەخۆشیە بۆتە بنبڕکردنی ئەو جۆرە نەخۆشیە.

وە هەروەها لە هۆکارەکانی بەرەو پێش چوونی نەخۆشخانەکانیش دۆزینەوەی پێکوتە و بەنج و پاککەرەوەکان و ئیشاعە و تاقیگەکان و پەرەسەندنی پسپۆڕیە پیشەیەکان، وە هەروەها کۆمەڵگە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە پەرەسەندنی نەخۆشخانەکان هەر لە سەرەتایی سەدەی بیستەوە، لە لایەکی ترەوە پەرەسەندنی هۆشیاری و هەستیاری مرۆڤایەتی لای تاکەکان و کۆمەڵەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان هانی ئەوانی داوە بۆ کاری خۆبەخشانە و بێ بەرامبەر لە نەخۆشخانەکاندا بەڵکو لەوەش زیاتر بە بەخشینی خوێن و ماڵ و سەروەتیان. (جلده ٢٠٠٧: ٤٢-٤٥).

## باسی دووەم: پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی

### ١. کەرتی تەندروستی

خزمەتگوزاری تەندروستی چیە؟ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەو چاودێرییە پێناسە دەکرێن کە نەخۆش، خێزان، کۆمەڵگا و دانیشتووان، لەلایەن پزیشکی، ستافی چاودێری تەندروستی، و دامەزراوەکانی چاودێری تەندروستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێشکەش دەکرێن. دامەزراوە تەندروستییەکان بریتین لە: فریاگوزاری، خۆپارێزی، چاکسازی، چاودێری ماڵەوە، خزمەتگوزارییە درێژخایەنەکان، چاودێری نەخۆشخانە و دەستنیشانکردن و هتد زۆر جۆری خزمەتگوزاری تەندروستی جگە لە بەردەستبوونی پیشکەشکاری خزمەتگوزاری کاریگەر (درویش، ٢٠٢٣).

کەرتی تەندروستی یەکێکە لەو کەرتانەی کەوا نایەکسانیە کۆمەڵایاتیەکان تێدا دەردەکەوێت، بەشێوەیەکی ئاسایی ئەگەر تەماشا بکەین تەندروستی وەکو دیاردەیەکی کەسی و بایۆلۆجی تەماشا دەکرێت لە کاتێکدا ئەگەر وابایە دەبوایە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەناو دانیشتواندا بڵاوبوبایە بەڵام دەبینین وانیە، بەڵام کاتێک تەماشای چینی کۆمەڵایەتی خەڵک دەکەین تێدەگەین کەوا چەندە چینی کۆمەڵایەتی کەسەکان نزمتر بێت ئەگەری توشبوون بە نەخۆشیەکان زیاترە، ڕادەی مەرگی ساوایان زیاتر دەبێت ئەوکات دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەوا تەندروستی تەنیا دیاردەیەکی بایۆلۆژی نییە بەڵکو کۆمەڵایەتیشە( مور، سینکلر ١٣٩٨:٣١٥).

پرسەکانی دانیشتوان نزیکی و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پرسەکانی تەندروستی و نەخۆشی هەیە، ئەوەی کە چەند منداڵ لەدایک دەبێت وە ڕێژەی ئەو منداڵانەی کە لە دوای ساڵە بەرایەکانی منداڵی زیندوو دەمێننەوە، ئەوەی کە تا چ تەمەنێک ژیان بەسەر دەبەن هۆکارەکانی سەرەکی مردن هەموو ئەوانە پەیوەندی بە دۆخی تەندروستی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە. تەندروستی و نەخۆشیش وەک خۆیان پەیوەندی بە بونیادی کۆمەڵایەتیەوە هەیە، هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان نەک تەنیا کاریگەرییان لەسەر ئومێدی ژیان بەڵکو کاریگەرییان لەسەر ئەگەری توشبوون بە نەخۆشیەکان و چاودێرییە تەندروستیەکان کە نەخۆشەکان وەری دەگرن هەیە ( Giddens, Antony 2009: 39).

## ٢. پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی

پەرەپێدانی تەندروستی یەکێکە لەو شێوازە گرنگانەی کە لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەنای بۆ دەبرێت. ڕادەی ئەو هەوڵانە دەردەخات کە دەدرێن بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە و چاودێری تەندروستی هەمەلایەنە بۆ هەموو خەڵکی وڵات. ئامرازەکانی گەشەپێدانی تەندروستی کۆمەڵێک لایەن لەخۆدەگرێت: نەخۆشخانە و شارە پزیشکییەکان: دابینکردنی ژێرخانی تەندروستی، و پەرەپێدانی نەخۆشخانە و دامەزراوە پزیشکییەکان.سەنتەرەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی: بەهێزکردنی چاودێری سەرەتایی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری خۆپارێزی و چارەسەرکردن.خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بۆ گەشتەکانی حاجیان: دەستەبەرکردنی چاودێری تەندروستی بۆ حاجیان لە ماوەی حەجدا. گەشەپێدانی تەندروست بەشدارە لە گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام، تەندروستی بە بنەمای زیادکردنی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان بۆ هاوڵاتیان دادەنرێت (ابو نجم، ٢٠٢٢).

گەشەپێدانی تەندروستی لە هەموو وڵاتان گرنگە. بەشدارە لە باشترکردنی کوالیتی ژیانی هاوڵاتیان و بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان و بەردەوامیی. تەندروستی و چاودێری تەندروستی پێویستە لە پێشینەی کارەکانی حکومەتەکان بێت بۆ دڵنیابوون لە دابینکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی کوالیتی بەرز، خۆپاراستن لە نەخۆشی، دەستنیشانکردنی پێشوەختە و چارەسەری گونجاو.

لە وڵاتەکەتدا، ئاستەنگە تەندروستییەکان دەتوانن هەمەچەشن بن، وەک دابینکردنی ژێرخانی تەندروستی، پەرەپێدانی چاودێری سەرەتایی، و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بۆ کۆمەڵگا دوورەکان. پێویستە حکومەت بە هاوکاری دامەزراوە تەندروستییەکان و کۆمەڵگەی ناوخۆیی کاربکات بۆ گەیشتن بە گەشەپێدانی تەندروستی، چونکە تەندروستی مافێکی بنەڕەتی مرۆڤە و گەشەپێدانی تەندروست بەرەوپێشبردنی بەردەوامی و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان دەبێت (صدقی، ٢٠٢٢).

بەگشتی چەندین بەربەست لەبەردەم پەرەپێدانی نەخۆشخانەکان بوونی هەیە:

١- گرفتی تاکەکان و ئامادەکردنی کەوادری لێهاتوو شارەزا.

٢- دابینکردنی کەلوپەلەکان و ئامێرەکان و کەرەستە پێشکەوتووەکان.

٣- چۆنیەتی پلاندانان بۆ داهاتوو بەرەچاوکردنی ئاراستە نوێیەکان و کە خۆی لە جەختکردنەوە لە چاودێری چڕ و تایبەت بۆ نەخۆش وە متمانە بە تەکنەلۆژیای تەعقیم کردنی نوێ دەگرێتەوە.

٤- گرفتەکانی بیناسازی و پارە و زیادە تێچوونی بەتایبەتی لە ئێستادا کە ژمارەی دانیشتوان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەبێت (جلدە ٢٠٠٧: ٤٦)

## دەروازەی دووەم / لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

### بەشی چوارەم: چوارچێوەی تیۆری و کارڕاییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم / میتۆد و نموونەی توێژینەوەکە

### بەشی پێنجەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

### بەشی شەشەم: دەرئەنجام و پێشنیارو ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

# باسی یەکەم / میتۆد و نموونەی توێژینەوەکە

## ١. میتۆدی ڕووپێوی

ڕووپێوی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوە گشتیەکەیدا لە نموونە دەچێت، بەڵام جیاوازی گەوهەری لە نێوانیاندا قەبارەیانە، واتە قەبارەی رووپێوی کۆمەڵایەتی زۆر لە قەبارەی نموونە گەورەترە، بۆ نموونە دەشێ لە ڕووپێوی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵگەی گەردونی وەربگرێت بەڵام نموونە ژمارەیەکی کەم وەردەگرێت، ئەم دەروازەیە تەنیا پێناسەیەکی سەرەتاییە، بەڵام لەبارەی بوون و بەکارهێنانی لە مێژووی گەلاندا نوێ نییە بەڵکو رابردوویەکی زۆر دووری هەیە، کارڵ مارکس لە توێژینەوەی باری کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەو کرێکارە ئەڵمانیانەی کە لە فەرەنسا کاریان دەکرد بەکاری هێناوە، ماکس ڤیبەریش لە توێژینەوەی ئاکاری پرۆتستانی دا بەکاری هێناوە، جگە لەوەی حکومەتەکانیش بۆ زانینی پێکهاتە و چۆنیەتی دابەشبوونی جوگرافی و زانینی پێویستیەکانی دانیشتوانی وڵاتەکانیان بەکاریان هێناوە هەتا پلانێکی نیشتمانی یان نەتەوەیی بۆ بازرگانی و تەندروستی و پەرەپێدانی و گەشەپێدانی تەواوی لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵگەدا دابنێن، لایەنەی لە دوای حکومەتەوە دێت لە بەکارهێنانی ڕووپێوی کۆمەڵایەتیدا بریتیە لە کۆمپانیا بازرگانیەکان و کارخانە زەبەلاحەکان بۆ زانینی پێویستیەکانی بازاڕ و مەیل و ئارەزوی بەکاربەرەکان لە جۆر و سروشتی کاڵا و کەلوپەلە دروستکراوەکاندا لە شوێت و کاتێکی دیاریکراودا، لایەنی سێیەم کە رووپێوی کۆمەڵایەتی بەکاردێنێت بریتیە لە پارتە سیاسیەکان لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا بۆ سەرۆکایەتی بە مەبەستی گەیشتن بە مەزەندە کردنێکی سەرەتایی لەبارەی کاندیدەکانەوە لە هەلبژاردندا. لایەنی چوارەم کر ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکاردێنێت بریتیە لە کەناڵەکانی ئێستگە و تەلەفزیۆن، بۆ زانینی ئاستی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنیان لەو بەرنامانەی پێشکەشی جەماوەری دەکەن. لایەنی پێنجەم کە رووپێوی کۆمەڵایەتی بەکاردێنێت بریتیە لە زانکۆ و پەیمانگا زانستیەکان، بۆ زانینی راوبۆچوونی قوتابی و خوێندکارەکانیان لەبارەی تاقیکردنەوەکانەوە یان سیستەمی وەرگیران لە زانکۆ، جگە لەو توێژینەوە زانستیانەی بۆ مەبەستی زانستی پوختە ئەنجام دەدرێن.

ئێستا دێینە سەر دیاریکردنی بابەتەکانی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ورد و رونتر، دەتوانین بەم شێوەیە دابەشیان بکەین( عومەر ، ٢٠١٢،ل:١٧٨).

١- ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە خەسڵەتە دانیشتوانیەکانەوە هەیە، ئەم بابەتانە هەوڵی زانینی دابەشبوونی تەمەنی و رەگەزی و باری هاوسەرگیری و بە پیتی رەگەزی و رێژەی ئافرەتانی ماڵەوە و مردن و لەدایک بوون دەدەن.(عومەر،٢٠١٢،لا: ١٨٣).

٢- ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە ژینگەی کۆمەڵایەتیەوە هەیە و ئامانجیان زانینی باری نیشتەجێبوون و خانوو و چۆنیەتی دابەشبوونی داهات و پیشەو زانینی ئایا خەڵکی چۆن دەژین(عومەر،٢٠١٢،لا: ١٨٣).

٣- ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە چالاکی کۆمەڵایەتیەوە هەیە و ئامانجیان زانینی کار و ژیانی رۆژانەی خەڵکە، رەفتاری رۆژانەیان چۆنە و چۆن کاتی بێکاریان بەسەر دەبەن، چ جۆرە رۆژنامەیەک دەخوێننەوە، سەیرت چ جۆرە بەرنامەیەکی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی دەکەن، گوێ لە چ هەواڵێک دەگرن(عومەر،٢٠١٢،لا: ١٨٣).

٤- ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە رای گشتی و هەڵوێستەکانیەوە هەیە بۆ زانینی ئاراستەکانی لە بەرامبەر روداوە سیاسی و بەهایی و ئاینی و پەروەدەییەکانی تاکەکاندا(عومەر،٢٠١٢،لا: ١٨٣).

أ- میتۆدی وەصفی :-

دیارترین رێبازی لێکۆلینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەلایەتیەکانە،بەتایبەتیش لە بواری پەروەردەو سایکۆلۆژیاو کۆمەلناسی و راگەیاندندا، بەرفراوانترین میتۆدە؛تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر دیاردەو رووداوەکانی ئێستا دەکەنەوە.واتا هەر دیاردەیەک کە لەئێستای ژیانی تاک و گروپ و کۆمەلگەددا بوونی هەبێت و لەئارادا بێت و؛هە نووکەیی و بەرقەراربێت؛بەو ئامانجەی دیاریی بکات و؛لایەنەکانی بدۆزێتەوە؛ پەیوەندی نێوان رەگەزەکان دەربخات،یاخود پەیوەندی دیاردەکە بەدیاردەکانیترەوە بخاتەڕوو.سنورەکانی ئەم میتۆدە تەنها لە وەسفکردندا راناوەستێت بەڵکو شیکارو لێکدانەوەو بەراوردو هەڵسە نگاندنیش بۆ دیاردەکان دەکات. لەوەش زیاتر هەر بە ئێستاوە ڕاناوەستێت لە هەوڵی ئەوەدایە پێشبینی بۆ ئایندە بکات(بۆکانی،٢٠٢٠، لا:٧٣).

ب- میتۆدی بەراوردکاری:-

ئەمجۆرە دیزاینە بەرجەستەکردنی لۆجیکی بەراوردکاریە. توێژینەوە و بەراوردکردنی دوو حاڵەت یان بارودۆخ لەخۆ دەگرێت بەبەکارهێنانی هەمان میتۆد یان میتۆدی نزیک لە یەکەوە. ئێمە

دەتوانین باشتر لە دیاردە کۆمەلایەتیەکان تێبگەین کاتێک کەیس و بارودۆخەکان بەراورد بکەین .ئەم جۆرە دیزایینە لە توێژینەوەی چەندایەتی و چۆنایەتی بەکاردێت، لەم جۆرە دیزایینە لە توێژینەوەی چەندایەتی بەلانی کەمەوە دوو کەیس یان حاڵەت پێویستە هەبن کە رەنگە دوو دامەزراوە. نەتەوە یان کۆمەلگای جیاوازبن، بەزۆری زانیاری کۆکردنەوە لەهەردوو کەیسەکە بەشێوەی رووپێوی دەبێت)زێباری،٢٠١٨، لا:٩٤).

**٢. نموونەی توێژینەوە**

نمونەی تۆپەڵە بەفر، ئەم جۆرە نموونە گرتنە پێی دەوترێت تۆپی بەفر،چونکە نمونەکە وەکو تۆپی بەفری وەچەرخانگەشە دەکات و گەورە دەبێت. بریتیە لە پرۆسەی هەلبژاردنی نمونەیەک بە بەکارهێنانی تۆرەکان، بۆیە هەندێک جاریش پێی دەوترێت نموونەگرتنی تۆر بە واتای ئەوەی هەموو ئەندامانی نمونەکە بەیەکەوە بەستراونەتەوە و لە رێگەی ئەندامی نموونەی پێشترەوە هەلبژێردراون. بۆدەستپێکردن، چەند تاکێک لە گروپێک یان رێکخراوێکدا هەلدەبژێردرێن و زانیارییە پێویستیەکانیان لێ کۆدەکرێنەوە. پاشان داوایان لێ دەکرێت کەسانی دیکەی ناو گروپ یان رێکخراوەکە دەست نیشان بکەن و ئەو کەسانەی کە ئەوان هەلیدەبژێرن دەبنە بەشێک لە نمونەکە و زانیاریان لێ کۆ دەکرێتەوە( مەجزووب،٢٠٠٧،لا:

**٣. کۆمەڵگای توێژینەوە**

ئەم چەمکە لەڕووی ماناوە ، ئەو کۆمەلگەیە نییە کە لە کۆمەلناسیدا باسی لێوە دەکرێت، بەلکو سەرجەم ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە لە خەسڵەت یان سیفەتێکی تێبینیکراودا، هاوبەشن و رەنگە لەچەند خەسڵەتێکتردا جیاوازبن و لەیەک نەچن. لە زۆربەی حالەتەکاندا، ئاستەم و تەنانەت مەحاڵیشە، ڕاستەوخۆ ڕوو بکرێتە کۆمەلگەی توێژینەوەو داتاو زانیارییان لێوەربگیرێت و کۆبکرێتەوە. بەتایبەتی ئەگەر کۆمەڵگە، بەژمارە گەورەو لەسنوری جوگرافیشدا فراوان بێت. ئەوە بۆخۆی کارێکی دژوارە هیچ زەرورەتێک لەو کارەدا نییە، شتێکی ئەوتۆش لەئەنجام ناگۆرێت ئەگەر لە هەموویان، سامپڵێک وەربگیرێت. بۆیە باشترو گونجاوترە سامپلێک لەو کۆمەڵگەیە وەربگیرێت و دواتر هەنگاوەکانی دیکەی توێژینەوەکە لە کۆتای ئەو ئامانجەی لە رێی سامپڵەکەوە دەستکەوتووە، یاخود لانی کەم ئەوەی لەبەشەکەوە پێی گەیشتووین، بەسەر تەواوی کۆمەلگەکەدا گشتاندنی بۆ بکرێت. پێویستە ئەو بەشە یان ئەو سامپڵەی وەردەگیرێت، خەسڵەتی کۆمەلگەی تێدا بێت و، بەتەواوەتی نوێنەرایەتی کۆمەلگەکەی خۆی بکات

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان لە شاری هەولێر (ملا، ٢٠١٥، لا: ٦٦).

**٤. بوارەکانی توێژینەوە**

١- بواری مرۆیی: بواری مرۆی:-ئەم توێژینەوەیە سنوردار کراوە بە نەخۆشەکانی نەخۆشخانە تایبەتەکان، لە شاری هەولێر .

٢- بواری شوێن (جوگرافی): مەبەست ئەو شوێنەیە کە توێژینەوەکەی تیا ئەنجامدراوە، کە بریتین لە (٢) نەخۆشخانەی تایبەت لە شاری هەولێر ئەوانیش (نەخۆشخانەی میهرەبانی ، زانکۆ) لە شاری هەولێر.

٣- بواری کات : مەبەست لە بواری کاتی لایەنی مەیدانیەکە بریتیە لەو ماوەیەی، کە توێژەر داتاکانی کۆکردۆتەوە، رێکیخستوون و شیکردونەتەوە لەسەر نەخۆشەکان، لە نێوان ماوەی (٢٠٢٤/٣/٢٦) تاوەکو (٢٠٢٤/٣/٢٨).

**٥. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

فۆرمی راپرسی بریتیە لەفۆرمێک کە ژمارەیەکی ئەوتۆی لێ چاپ دەکرێ بەگوێرەی ژمارەی ئەو کەسانەی نیاز وایە توێژینەوەکە بیانگرێتەوەو کۆمەڵێک پرسیار لەخۆی دەگرێ و دەیاندرێتێ کە بە ڕون و ئاشکرا و بەو پەری ئازادی وەڵامیان بدەنەوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی خۆیان بدەن (مصطفی،٢٠٠٩،لا:٢١).

## بەشی پێنجەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

خشتەی ژمارە (١) تەمەن

| تەمەن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 17-26 | 37 | %61.6 |
| 27-36 | 11 | %18.3 |
| 37-46 | 5 | %8.3 |
| 47-56 | 3 | %5 |
| 57-66 | 4 | %6.6 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.8 |

لە خشتەی ژمارە (١) بۆ تەمەنی نموونەی توێژینەوە دەردەکەوێ، کە ٦١.٦% ی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لەنێوان (١٧-٢٦) ساڵە، هەروەها ڕێژەی ١٨.٣% تەمەنیان لەنێوان (٢٧-٣٦) ساڵە، هەروەها ڕێژەی ٨.٣% تەمەنیان لەنێوان (٤٧-٥٦) ساڵە، ڕێژەی ٦.٦% تەمەنیان لەنێوان (٥٧-٦٦) ساڵە.

خشتەی ژمارە (٢) ڕەگەز

| ڕەگەز | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 34 | %56.6 |
| مێ | 26 | %43.3 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

لە خشتەی ژمارە (٢) بۆ ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە دەردەکەوێ، کە ڕێژەی ٥٦.٦% ی نموونەی توێژینەوەکە ڕەگەزی نێرن، ڕێژەی ٤٣.٤% ڕەگەزی مێن.

خشتەی ژمارە (٣) باری کۆمەڵایەتی

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | باری کۆمەڵایەتی |
|---|---|---|
| %58.3 | 35 | سەڵت |
| %41.6 | 25 | خێزاندار |
| – | – | جیابوەوە |
| – | – | تاک مردوو |
| %99.9 | 60 | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە (٣) بۆ باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوە دەردەکەوێ، کە ڕێژەی ٥٨.٣% ی نموونەی توێژینەوەکە سەڵتن ، ڕێژەی ٤١.٦% خێزاندارن.

خشتەی ژمارە (٤) باری ئابووری

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | باری ئابووری |
|---|---|---|
| %8.3 | 5 | زۆرباش |
| %45 | 27 | باش |
| %46.6 | 28 | ناوەند |
| – | – | خراپ |
| 99.9 | 60 | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە(٤) بۆ باری ئابووری نموونەی توێژینەوە دەردەکەوێ، کە ڕێژەی ٨.٣% نموونەی توێژینەوەکە باری ئابووریان زۆرباشە، ڕێژەی ٤٥% باش، ڕێژەی ٤٦.٦% ناوەند.

خشتەی ژمارە (٥) شوێنی نیشتەجێبوون

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | شوێنی نیشتەجێبوون |
|---|---|---|
| %78.3 | 47 | ناوشار |
| %3.3 | 2 | قەزا |
| %10 | 6 | ناحیە |
| %8.3 | 5 | گوند |
| %99.9 | 60 | کۆی گشتی |

له خشتەی ژمارە (٥) بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە دەردەکەوێ، کە ڕێژەی ٧٨.٣% ی نموونەی توێژینەوەکە لەناو شارن، ڕێژەی ٣.٣% لە قەزا ، ڕێژەی ١٠% لە ناحیە، ڕێژەی ٨.٣% لە گوند.

خشتەی ژمارە (٦) ڕازی لە پاک و خاوێنی نەخۆشخانە؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 37 | %61.6 |
| تاڕادەیەک | 15 | %25 |
| نەخێر | 8 | %13.3 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

له خشتەی ژمارە (٦) بۆ پرسیاری ( ڕازی لە پاکو خاوێنی نەخۆشخانە؟ ) ، لە وەڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٦١.٦% بەڵێ ، ڕێژەی ٢٥% تاڕادەیەک، ڕێژەی ١٣.٣% نەخێر.

خشتەی ژمارە (7) لە کاتی پێویست نەخۆشەکان چارەسەر دەکرێن

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 33 | %55 |
| تاڕادەیەک | 20 | %33.3 |
| نەخێر | 7 | %11.6 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

له خشتەی ژمارە (٧) بۆ پرسیاری ( لە کاتی پێویست نەخۆشەکان چارەسەر دەکرێن ) ، لە وەڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ، ڕێژەی ٥٥% بەڵێ، ڕێژەی ٣٣.٣% تاڕادەیەک، ڕێژەی ١١.٦% نەخێر.

خشتەی ژمارە (8) ژوورەکان پاک دەکرێنەوە دوای هەر نەخۆشێک

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 35 | %58.3 |
| تاڕادەیەک | 23 | %38.3 |

| | | |
|---|---|---|
| %3.3 | 2 | نەخێر |
| %99.9 | 60 | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە (٨) بۆ پرسیاری ( ژوورەکان پاک دەکرێنەوە دوای هەر نەخۆشێک ) ، لە وەڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٥٨.٣% بەڵێ، ڕێژەی ٣٨.٣% تاڕادەیەک، ڕێژەی ٣.٣% نەخێر.

خشتەی ژمارە (9) پێداویستیەکانی ناو ژووری نەخۆشخانەکان تایبەت بە یەک نەخۆشە یاخود گشتیە و ناگۆڕدرێت؟

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | وەڵامی پرسیار |
|---|---|---|
| %48.3 | 29 | بەڵێ |
| %23.3 | 14 | تاڕادەیەک |
| %28.3 | 17 | نەخێر |
| %99.9 | 60 | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە (٩) بۆ پرسیاری ( پێداویستیەکانی ناو ژووری نەخۆشخانەکان تایبەتە بە یەک نەخۆش یاخود گشتیە و ناگۆڕدرێت؟ ) ، لە وەڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ، ڕێژەی ٤٨.٣% بەڵێ، ڕێژەی ٢٣.٣% تاڕادەیەک، ڕێژەی ٢٨.٣% نەخێر.

خشتەی ژمارە (10) ڕازی لە نرخی دەرمانەکان؟

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | وەڵامی پرسیار |
|---|---|---|
| %20 | 12 | بەڵێ |
| %31.6 | 19 | تاڕادەیەک |
| %48.3 | 29 | نەخێر |
| %99.9 | 60 | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە (١٠) بۆ پرسیاری ( ڕازی لە نرخی دەرمانەکان؟ )، لە وەڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٢٠% بەڵێ ، ٣١.٦% تاڕادەیەک، ڕێژەی ٤٨.٣% نەخێر.

خشتەی  ژمارە (11) ڕازی لە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان؟

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | وەڵامی پرسیار |
|---|---|---|
| %45 | 27 | بەڵێ |
| %38.8 | 23 | تاڕادەیەک |
| %16.6 | 10 | نەخێر |
| %99.9 | 60 | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە (١١) بۆ پرسیاری ( ڕازی لە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان؟ ) ، لە وەڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٤٥% بەڵێ ، ڕێژەی ٣٨.٨% تاڕادەیەک، ڕێژەی ١٦.٦% نەخێر.

خشتەی  ژمارە (12) نرخەکان لەگەڵ بارودۆخی  ئابووریتان گەنجاوە؟

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | وەڵامی پرسیار |
|---|---|---|
| %21.6 | 13 | بەڵێ |
| %28.3 | 17 | تاڕادەیەک |
| %50 | 30 | نەخێر |
| %99.9 | 60 | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە (١٢) بۆ پرسیاری ( نرخەکان لەگەڵ بارودۆخی ئابووریتان گونجاوە؟ ) ، لە وەڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٢١.٦% بەڵێ ، ڕێژەی ٢٨.٣% تاڕادەیەک، ڕێژەی ٥٠% نەخێر.

خشتەی ژمارە (13) کوالێتی ئیشکردنی نەخۆشخانە تایبەتەکان هۆکارن بۆ زیاتر گرینگیدانی هاوڵاتیان بەو نەخۆشخانانە؟

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | وەڵامی پرسیار |
|---|---|---|
| %65 | 39 | بەڵێ |
| %20 | 12 | تاڕادەیەک |
| %15 | 9 | نەخێر |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 60 | %100 |

لە خشتەی ژمارە (١٣) بۆ پرسیاری ( کوالیتی ئیشکردنی نەخۆشخانە تایبەتەکان هۆکارن بۆ زیاتر گرینگیدانی هاولاتیان بەو نەخۆشخانانە ؟ ) ، لە وەڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٦٥% بەڵێ، ڕێژەی ٢٠% تاڕادەیەک، ڕێژەی ١٥% نەخێر.

خشتەی ژمارە (14) ڕێکلامی دکتۆرە بەناوبانگەکان کاریگەری هەیە لەسەر سەردانیکردنتان؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 36 | %60 |
| تاڕادەیەک | 9 | %15 |
| نەخێر | 15 | %25 |
| کۆی گشتی | 60 | %100 |

لە خشتەی ژمارە (١٤) بۆ پرسیاری ( ڕێکلامی دکتۆرە بەناوبانگەکان کاریگەری هەیە لەسەر سەردانیکردنتان ؟ ) ، لە وەڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٦٠% بەڵێ، ڕێژەی ١٥% تاڕادەیەک، ڕێژەی ٢٥% نەخێر.

خشتەی ژمارە (15) گرینگیدانی زیاتری دکتۆر بە نەخۆشەکان هۆکارە بۆ زیاتر سەردانیکردنیان؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 47 | %78.3 |
| تاڕادەیەک | 10 | %16.6 |
| نەخێر | 3 | %5 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

لە خشتەی ژمارە (١٥) بۆ پرسیاری ( گرینگیدانی زیاتری دکتۆر بە نەخۆشەکان هۆکارە بۆ زیاتر سەردانیکردنیان ؟ ) ، لە وەڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ، ڕێژەی ٧٨.٣% بەڵێ ، ڕێژەی ١٦.٦% تاڕادەیەک ، ڕێژەی ٥% نەخێر.

خشتەی  ژمارە (16)بوونی هۆڵی پێشوازی ڕۆڵی هەیە لە سەردانیکردنتان؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 39 | %65 |
| تاڕادەیەک | 10 | %16.6 |
| نەخێر | 11 | %18.3 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

لە خشتەی ژمارەی (١٦) بۆ پرسیاری ( بوونی هۆڵی پێشوازی ڕۆڵی هەیە لە سەردانیکردنتان؟ ) ، لە وەڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٦٥% بەڵێ ، ڕێژەی ١٦.٦% تاڕادەیەک ، ڕێژەی ١٨.٣% نەخێر.

خشتەی  ژمارە (17) زیادبوونی ئامێرە پێشکەوتووەکانی پشکنین ڕۆڵی هەیە لە سەردانیکردنی زیاتر؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 50 | %83.3 |
| تاڕادەیەک | 7 | %11.6 |
| نەخێر | 3 | %5 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

لە خشتەی ژمارە (١٧) بۆ پرسیاری ( زیادبوونی ئامێرە پێشکەوتووەکانی پشکنین ڕۆڵی هەیە لە سەردانیکردنی زیاتر؟ ) ، لە وەڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٨٣.٣% بەڵێ ، ڕێژەی ١١.٦% تاڕادەیەک، ڕێژەی ٥% نەخێر.

خشتەی  ژمارە (18) بەدەمەوە هاتنی نەخۆش لەلایەن ستافی نەخۆشخانە لەکاتی خۆیی کاریگەری هەیە؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 48 | %80 |

| | | |
|---|---|---|
| %18.3 | 11 | تاڕادەیەک |
| %1.6 | 1 | نەخێر |
| %99.9 | 60 | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە ( ١٨) بۆ پرسیاری ( بەدەمەوە هاتنی نەخۆش لەلایەن ستافی نەخۆشخانە لەکاتی خۆیی کاریگەری هەیە؟ ) ، لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٨٠% بەڵێ، ڕێژەی ١٨.٣% تاڕادەیەک، ڕێژەی ١.٦% نەخێر.

خشتەی ژمارە (19) خزمەتگوزاری وەک پارک و کافتریا و هەبوونی تابلۆ لە ژوورەکان ڕۆڵی هەیە لە ئارامکردنەوەی لایەنی دەروونی نەخۆش؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 40 | %66.6 |
| تاڕادەیەک | 13 | %21.6 |
| نەخێر | 7 | %11.6 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

لە خشتەی ژمارە (١٩) بۆ پرسیاری ( خزمەتگوزاری وەک پارک و کافتریا و هەبوونی تابلۆ لە ژوورەکان ڕۆڵی هەیە لە ئارامکردنەوەی لایەنی دەروونی نەخۆش؟ ) ، لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٦٦.٦% بەڵێ ، ڕێژەی ٢١.٦% تاڕادەیەک، ڕێژەە ١١.٦% نەخێر.

خشتەی ژمارە (20) نەبوونی سرە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان وا دەکات زیاتر سەردانی بکەن؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 41 | %68.3 |
| تاڕادەیەک | 12 | %20 |
| نەخێر | 7 | %11.6 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

له خشتەی ژمارە (٢٠) بۆ پرسیاری ( نەبوونی سرە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان وا دەکات زیاتر سەردانی بکەن؟ ) ، لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٦٨.٣% بەڵێ ، ڕێژەی ٢٠% تاڕادەیەک، ڕێژەی ١١.٦% نەخێر.

خشتەی ژمارە (21) پابەندبوونی دکتۆر و فەرمانبەران لەناو نەخۆشخانە بەتایبەت لەکاتی حاڵەتی لەناکاو ڕۆڵی هەیە لە سەردانیکردنی زیاتری نەخۆش؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 51 | %85 |
| تاڕادەیەک | 6 | %10 |
| نەخێر | 3 | %5 |
| کۆی گشتی | 60 | %100 |

لە خشتەی ژمارە (٢١) بۆ پرسیاری ( پابەندبوونی دکتۆر و فەرمانبەران لەناو نەخۆشخانە بەتایبەت لەکاتی حاڵەتی لەناکاو ڕۆڵی هەیە لە سەردانیکردنی زیاتری نەخۆش؟ ) ، لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٨٥% بەڵێ ، ڕێژەی ١٠% تاڕادەیەک ، ڕێژەی ٥% نەخێر.

خشتەی ژمارە (22) کەمی ڕێژەی نەخۆشخانەی حکومی بە بەراورد بە نەخۆشخانەی ئەهلی هۆکارە بۆ زیاتر سەردانیکردتان؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 31 | %51.6 |
| تاڕادەیەک | 18 | %30 |
| نەخێر | 11 | %18.3 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

لە خشتەی ژمارە ( ٢٢) بۆ پرسیاری ( کەمی ڕێژەی نەخۆشخانەی حکومی بە بەراورد بە نەخۆشخانەی ئەهلی هۆکارە بۆ زیاتر سەردانیکردتان؟ ) ، لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٥١.٦% بەڵێ ، ڕێژەی ٣٠% تاڕادەیەک، ڕێژەی ١٨.٣% نەخێر.

خشتەی  ژمارە (23)نزیکی و دووری نەخۆشخانە کاریگەری لەسەردانی کردنی نەخۆش هەیە؟

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | وەڵامی پرسیار |
|---|---|---|
| %65 | 39 | بەڵێ |
| %23.3 | 14 | تاڕادەیەک |
| %11.6 | 7 | نەخێر |
| %99.9 | 60 | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە (٢٣) بۆ پرسیاری ( نزیکی و دووری نەخۆشخانە کاریگەری لەسەردانی کردنی نەخۆش هەیە؟ ) ، لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٦٥% بەڵێ ، ڕێژەی ٢٣.٣% تاڕادەیەک ، ڕێژەی ١١.٦% نەخێر.

خشتەی  ژمارە (24) شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل (گەراج) وەک خزمەتگۆرییەکی نەخۆشخانە کاریگەری هەیە لە سەردانیکردنی نەخۆش؟

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | وەڵامی پرسیار |
|---|---|---|
| %58.3 | 35 | بەڵێ |
| %16.6 | 10 | تاڕادەیەک |
| %25 | 15 | نەخێر |
| %99.9 | 60 | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە (٢٤) بۆ پرسیاری ( شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل (گەراج) وەک خزمەتگۆرییەکی نەخۆشخانە کاریگەری هەیە لە سەردانیکردنی نەخۆش؟ ) ، لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٥٨.٣% بەڵێ ، ڕێژەی ١٦.٦% تاڕادەیەک، ڕێژەی ٢٥% نەخێر.

خشتەی  ژمارە (25) نەبوونی دکتۆری پسپۆر لە نەخۆشخانە حکومییەکان دەور دەبینێت لە سەردانیکردنی نەخۆشەکان بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان؟

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | وەڵامی پرسیار |
|---|---|---|
| %75 | 45 | بەڵێ |

| | | |
|---|---|---|
| تاڕادەیەک | 10 | %16.6 |
| نەخێر | 5 | %8.3 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

لە خشتەی ژمارە (٢٥) بۆ پرسیاری ( نەبوونی دکتۆری پسپۆر لە نەخۆشخانە حکومییەکان دەور دەبینێت لە سەردانیکردنی نەخۆشەکان بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان؟ ) ، لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٧٥% بەڵێ ، ڕێژەی ١٦.٦% تاڕادەیەک ، ڕێژەی ٨.٣% نەخێر.

خشتەی ژمارە (26 ) بوونی پزیشکی بیانی لەم نەخۆشخانانە ڕۆڵی هەیە لە زیاتر سەردانیکردنیتان؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 29 | %48.3 |
| تاڕادەیەک | 15 | %25 |
| نەخێر | 16 | %26.6 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

لە خشتەی ژمارە (٢٦) بۆ پرسیاری ( بوونی پزیشکی بیانی لەم نەخۆشخانانە ڕۆڵی هەیە لە زیاتر سەردانیکردنیتان؟ ) ، لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٤٨.٣% بەڵێ ، ڕێژەی ٢٥% تاڕادەیەک ، ڕێژەی ٢٦.٦% نەخێر.

خشتەی ژمارە(27 ) ئایا خزمەتگوزارییەکان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان زۆرترە وەک لە نەخۆشخانەی حکومی؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 52 | %86.6 |
| تاڕادەیەک | 8 | %13.3 |
| نەخێر | – | – |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

له خشتەی ژمارە (٢٧) بۆ پرسیاری ( ئایا خزمەتگوزارییەکان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان زۆرترە وەک لە نەخۆشخانەی حکومی؟ ) ، لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٨٦.٦ % بەڵێ ، ڕێژەی ١٣.٣% تاڕادەیەک.

خشتەی ژمارە (28) ئایا چاولێکەری بۆتە هۆی ئەوەی نەخۆش زیاتر سەردانی نەخۆشخانە تایبەتەکان بکات؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 25 | %41.6 |
| تاڕادەیەک | 24 | %40 |
| نەخێر | 11 | %18.3 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

لە خشتەی ژمارە (٢٨) بۆ پرسیاری ( ئایا چاولێکەری بۆتە هۆی ئەوەی نەخۆش زیاتر سەردانی نەخۆشخانە تایبەتەکان بکات؟ ) ، لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٤١.٦ % بەڵێ ، ڕێژەی ٤٠% تاڕادەیەک، ڕێژەی ١٨.٣% نەخێر.

خشتەی ژمارە (29) ئایا نەخۆشخانە تایبەتەکان ڕۆڵیان هەبووە لە کەمکردنەوەی سەردانیکردنی نەخۆش بۆ دەرەوەی وڵات؟

| وەڵامی پرسیار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 21 | %35 |
| تاڕادەیەک | 23 | %38.3 |
| نەخێر | 16 | %26.6 |
| کۆی گشتی | 60 | %99.9 |

لە خشتەی ژمارە (٢٩) بۆ پرسیاری ( ئایا نەخۆشخانە تایبەتەکان ڕۆڵیان هەبووە لە کەمکردنەوەی سەردانیکردنی نەخۆش بۆ دەرەوەی وڵات؟ ) ، لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٣٥% بەڵێ ، ڕێژەی ٣٨.٣% تاڕادەیەک ، ڕێژەی ٢٦.٦% نەخێر.

خشتەی  ژمارە (30) نەخۆشخانە تایبەتەکان توانای چارەسەرکردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکانیان هەیە؟

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | وەڵامی پرسیار |
|---|---|---|
| %31.6 | 19 | بەڵێ |
| %60 | 36 | تاڕادەیەک |
| %8.3 | 5 | نەخێر |
| %99.9 | 60 | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە (٣٠) بۆ پرسیاری ( نەخۆشخانە تایبەتەکان توانای چارەسەرکردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکانیان هەیە ؟ ) ،  لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ، ڕێژەی ٣١.٦% بەڵێ ، ڕێژەی ٦٠% تاڕادەیەک ، ڕێژەی ٨.٣% نەخێر.

## بەشی شەشەم: دەرئەنجام و پێشنیارو ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

**١. دەرئەنجام**

لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەمان لەسەر نەخۆشخانە تایبەتەکان لە شاری هەولێر ، نەخۆشخانەی ( میهرەبانی و زانکۆ ) ئەم خاڵانەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

١- لە دەرئەنجامی توێژینەوەکە بۆمان دەردەکەوێت خەڵکی بە ڕێژەیەکی زۆر ڕازین لە خزمەتگوزارییە گشتیەکان.

٢- لە دەرئەنجامی توێژینەوەکە بۆمان دەردەکەوێت خەڵکی بە ڕێژەیەکی زۆر ڕازین لە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان.

٣- لە دەرئەنجامی توێژینەوەکە بۆمان دەردەکەوێت خەڵکی بە ڕێژەیەکی زۆر ڕازی نین لە تێچووی ( نرخی ) نەخۆشخانە تایبەتەکان.

**٢. پێشنیار**

١- پێویستە حکومەت زیاتر گرنگی بە نەخۆشخانە حکومیەکان بدات چونکە گونجاوە لەگەڵ بارودۆخی زۆربەی خەڵکی لە ئێستایا.

٢- پێویستە نەخۆشخانە تایبەتەکان زیاتر ڕەچاووی باردۆخی ئابووری خەڵک بکەن و هەوڵبدەن نرخەکان بەپێی پێویست بگونجێنین لەگەڵ باری ئابوورییان.

**٣. ڕاسپاردەکان:**

١- توێژینەوەی زیاتر ئەنجام بدرێت لە سەرجەم نەخۆشخانە تایبەتەکان لە شاری هەولێر.

٢- توێژینەوە بکرێت لەسەر نەخۆشخانە حکومیەکان و ڕۆڵیان لە بەرەو پێشچوونی کەرتی تەندروستی.

## لیستی سەرچاوەکان

### ١. سەرچاوە کوردییەکان


١. بۆکانی، سابیر(٢٠٢٠)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ .دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

زێباری، طاهر حسۆ(٢٠١٨)، ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسیدا ، و:شەهلا وەلی جەبار، چاپخانەی تەفسیر ، هەولێر.

٢. مەجزووب، تەلاڵ(٢٠٠٧)، ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی، و: مەریوان عەبدول ، چاپخانەی خانی ، هەولێر .

٣. مصطفی، کمال سعدی (٢٠٠٩)، بنەماکانی توێژینەوەی زانستی، یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان، هەولێر.

٤. عومەر، مەعەن خەلیل (٢٠١٢)، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و: محمد شوانی ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر.


### ٢. توێژینەوە ئەکادیمییەکان


٥. ملا، فاطمە مراد (٢٠١٥)، گۆڕانی کۆمەلایەتی و پەیوەندی بە پێگەی ژن لە خێزانی کوردیدا، نامەی پلەی ماستەر، پێشکەش بە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر.

کوهین، بروس (٢٠١٠): سەرەتایەکی بۆ کۆمەڵناسی. سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.


### ٣. سەرچاوە ئینگلیزییەکان


6. Asaria, M, Cookson, R, & Griffin, S (2014): Incorporating Health Inequality Impacts into Cost-Effectiveness Analysis. Encyclopedia of Health Economics, Volume 2 doi:10.1016/B978-0-12-375678-7.01415-2. At: 06/11/2023.

7. Freedom Health (2023) About Private Healthcare. About Private Healthcare. At: 06/11/2023.

8. Giddens, Antony (2009). Sociology.uk: polity.

9. Klinton, Joel (2020) The Private Health Sector: An Operational Definition. Geneva: World Health Organization (WHO). At: 06/11/2023.

10. Lutkevich, Ben & Wigmore, Ivy (2023): Definition of Private Sector. https://www.techtarget.com/whatis/definition/private-sector. At: 12/11/2023.

11. Macarthur, Sam (2023): How are private industry and public health related? How are Private Industry and Public Health Related? - MPH Online. At: 06/11/2023.

12. Tejapongvorachai, Tawechai (2020): Health Development. Graduate Affairs, Faculty of Medicine, Chulalongkorn University. At. 10/11/2023.
13. Valenzuela, Austin (2022): Social Role/ definition & example. https://study.com/learn/lesson/social-roles.html. At: 12/11/2023.
14. World Bank (2013): Health Development Project. Development Projects: Health Development Project - P004312 (worldbank.org). At: 07/11/2023.

**٤. سەرچاوە فارسییەکان**

١٥. اوتویت، ویلیام و باتامور، تام (١٣٩٢): فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم. ترجمه: حسن چاوشیان. تهران: نشر نی.

١٦. زارعی، احسان، مقدس فر، تارا، و عیدخانی، وحید(١٣٩٧): چالش ها و مشکلات مشارکت عمومی خصوصی در نظام سلامت: مطالعه مروری. فصلنامه سلامتی اجتماعی دوری پنجوم شماره چهار، پایز(١٣٩٧)، صفحات (٣٨٦ تا ٤٠٢) DOI: http://doi.org/10.22037/ch.v5i4.19767.

١٧. معتمدی و مهدیه؛ واعظی، رضا؛ الوانی، سید مهدی؛ و جعفری، داوود دانش (١٣٩٩): توسعه راهبرد مشارکتهای دولتی - خصوصی در راستای سیاسیتهای کلی نظام سلامت. فصلنامه سیاسیتهای راهبردی و کلان، بهار ١٤٠٠، دروه ٩، شماره ١. (https://doi.org/10.30507/JMSP.228651.2053).

١٨. مور، استیفن و سینکلر، استیفن (١٣٩٨) دیباچه ای بر جامعه شناسی، ترجمه مرتضی ناقب فر. تهران، انتشارات ققنوس، چاپ چهارم.

**٥. سەرچاوە عەرەبییەکان**

١٩. ابونجم، ماريان(٢٠٢٢): ما هى وسائل التنميه الصحيه. على الرابط: ما هى وسائل التنميه الصحيه المرسال(almrasl.com).

٢٠. رحومة، فضيلة و واسع، سهيلة (٢٠١٩): دور القطاع الخاص في تحسين الخدمة الصحية في الجزائر- دراسة حالة مصهة ابن حيان بولاية الوادي (٢٠٠٧-٢٠١٨). رسالة الماجستير غير منشورة، قدمت الي كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة الشهيدحمه لخضر- الوادي.

٢١. درويش، وسام(٢٠٢٣): م هى الخدمات الصحيه؟ على الرابط: ما هى الخدمات الصحيه؟ موضوع(mawdoo3.com).

٢٢. جلدة، سليم بطرس (٢٠٠٧): ادارة المتشفيات و المراكز الصحية. عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع.

٢٣. صدقى، شيماء(٢٠٢٢): ما هى وسائل التمنيه الصحيه واهداف التمنيه الصحيه فى المملكه. على الرابط: ما هى وسائل التمنيه الصحيه واهداف التمنيه الصحيه فى المملكه– موسوعه(mosoah.com).

## پاشکۆ ژمارە (١) فۆرمی ڕاپرسی

**حکومەتی هەرێم کوردستان- عێراق**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر**
**کۆلێژی ئاداب**
**کۆمەڵناسی-ئێواران**

سڵاو بەڕێزان:

ئەو فۆرمەی لەبەردەستانە، لە کۆمەڵێک پرسیار پێکدێت کە ئامادەکراوە بۆ پرۆژەی توێژینەوە بە ناونیشانی "**ڕۆڵی نەخۆشخانە تایبەتەکان لە پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان- هەولێر**". ، وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەی بەڕێز تەنیا بۆ مەبەستی زانستی بەکاردێت بۆیە وەڵامدانەوەی درووستی پرسیارەکان جێگای ڕێز و سوپاس و پێزانینە..

**تێبینی:**

١. پێوست بە ناونووسین ناکات.
٢. وەڵامی ( ✓ ) لەبەرامبەر وەڵامی درووستت دیاربکە.

**بەسەرپەرشتی: م. کامران جەوهەر** **لەلایەن قوتابی: سۆما هیوا علی**

**یەکەم؛ پرسیارە گشتییەکان.**

١. تەمەن؛ ( ) ساڵ.

٢. ڕەگەز : نێر ( ) ، مێ ( ) .

٣. باری کۆمەڵایەتی؛ أ. سەڵت ( )، ب. خێزاندار ( )، ج. جیابوەوە ( )، د. تاک مردوو ( ).

٤. باری ئابووری؛ أ. زۆرباش ( )، ب. باش ( )، ج. ناوەند ( )، خراپ ( ).

٥. شوێنی نیشتەجێبوون؛ أ ناوشار ( )، ب. قەزا ( )، ج. ناحیە ( )، د. گوند ( ).

| ژ | پرسیارە تایبەتەکان | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| 6 | ڕازی لە پاکو خاوێنی نەخۆشخانە؟ | | | |
| 7 | لە کاتی پێویست نەخۆشەکان چارەسەر دەکرێن. | | | |
| 8 | ژوورەکان پاک دەکرێنەوە لە دوای هەر نەخۆشێک. | | | |
| 9 | پێداویستیەکانی ناو ژووری نەخۆشخانە تایبەت بە یەک نەخۆشە یاخود گشتیە و ناگۆڕدرێت؟ | | | |
| 10 | ڕازی لە نرخی دەرمانەکان؟ | | | |
| 11 | ڕازی لە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان؟ | | | |
| 12 | نرخەکان لەگەڵ بارودۆخی ئابووریتان گونجاوە؟ | | | |
| 13 | کوالێتی ئیشکردنی نەخۆشخانە تایبەتەکان هۆکارن بۆ زیاتر گرنگیدانی هاوڵاتیان بەو نەخۆشخانانە؟ | | | |
| 14 | ڕیکلامی دکتۆرە بەناوبانگەکان کاریگەری هەیە لە سەردانیکردنتان؟ | | | |
| 15 | گرنگیدانی زیاتری دکتۆر بە نەخۆشەکان هۆکارە بۆ زیاتر سەردانیکردتان؟ | | | |
| 16 | بوونی هۆڵی پێشوازی ڕۆڵی هەیە لە سەردانیکردنتان؟ | | | |
| 17 | زیادبوونی ئامێرە پێشکەوتووەکانی پشکنین ڕۆڵی هەیە لە سەردانیکردنی زیاتر؟ | | | |
| 18 | بەدەمەوە هاتنی نەخۆش لەلایەن ستافی نەخۆشخانە لەکاتی خۆیی کاریگەری هەیە؟ | | | |
| 19 | خزمەتگوزاری وەک پارک و کافتریا و هەبوونی تابلۆ لە ژوورەکان ڕۆڵی هەیە لە ئارامکردنەوەی لایەنی دەروونی نەخۆش؟ | | | |
| 20 | نەبوونی سرە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان وا دەکات زیاتر سەردانی بکەن؟ | | | |
| 21 | پابەندبوونی دکتۆر و فەرمانبەران لەناو نەخۆشخانە بەتایبەت لەکاتی حاڵەتی لەناکاو ڕۆڵی هەیە لە سەردانیکردنی زیاتری نەخۆش؟ | | | |
| 22 | کەمی ڕێژەی نەخۆشخانەی حکومی بە بەراورد بە نەخۆشخانەی ئەهلی هۆکارە بۆ زیاتر سەردانیکردتان؟ | | | |
| 23 | نزیکی و دووری نەخۆشخانە کاریگەری لەسەردانی کردنی نەخۆش هەیە؟ | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| 24 | شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل (گەراج) وەک خزمەتگۆرییەکی نەخۆشخانە کاریگەری هەیە لە سەردانیکردنی نەخۆش؟ | | | |
| 25 | نەبوونی دکتۆری پسپۆر لە نەخۆشخانە حکومییەکان دەور دەبینێت لە سەردانیکردنی نەخۆشەکان بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان؟ | | | |
| 26 | بوونی پزیشکی بیانی لەم نەخۆشخانانە ڕۆڵی هەیە لە زیاتر سەردانیکردنیتان؟ | | | |
| ژ | پرسیارە تایبەتیەکان | بەڵی | تاڕادەیەک | نەخیر |
| 27 | ئایا خزمەتگوزارییەکان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان زۆرترە وەک لە نەخۆشخانەی حکومی؟ | | | |
| 28 | ئایا چاولێکەری بۆتە هۆی ئەوەی نەخۆش زیاتر سەردانی نەخۆشخانە تایبەتەکان بکات؟ | | | |
| 29 | ئایا نەخۆشخانە تایبەتەکان ڕۆڵیان هەبووە لە کەمکردنەوەی سەردانیکردنی نەخۆش بۆ دەرەوەی وڵات؟ | | | |
| 30 | نەخۆشخانە تایبەتەکان توانای چارەسەرکردنی نەخۆشیە درێژخانەکانیان هەیە؟ | | | |